# سەردەمی بناخە داڕشتن

Grundläggningstiden[1]

## پرۆسەی بەپیشەسازیکردن

Industrialiseringsprocessen

لە ناو دەمی دەوروبەری ساڵانی ١٨٧٠ تا کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم وڵاتەکانی باکوور [مەبەست لە نەرویژ و دانمارك و سوێدە - ڕێبوار] زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گۆڕینی کۆمەڵگایی بە خۆیەوە بینووە. کۆمەڵگا جووتیاریەکان گۆڕان و بوون بە کۆمەڵگای پیشەسازیی سەرمایەداریی. کۆچبارکردنی دانیشتووان لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان و قەرەخ شارەکان دەستی پێکرد، باشبوونی دۆخی ژیانی نێزیکەی هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگا چووە سەرێ، خەڵك پەروەردەکردن و شێوەکولتوری مۆدێرن بەربڵاویەکی شایانباسی بە خۆوە دی. وەکوو سەرئەنجامێکی هەموو ئەم گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیی و ئابووریانە سیستەمە سیاسیەکە لە شێوەی دەستەڵاتدارێتی کەمینەوە (ئۆلیگارکی) گۆڕدرا بە سیستەمێکی دیموکراتیی. نیوسەدەی نێوان ١٨٧٠-١٩٢٠ هەروەها ئەو دەمەش بوو کە بزووتنەوەی کرێکارییسەندیکاییانە و سیاسیانە گەشەی دەستپێکرد و یەکەم تاودانی خۆی وەدەستهێنا. سەردەمی بناخەدانانی بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازیی دەکەونە هەمان سەردەمەوە.
بەڵام پرۆسەی گەشەکە [لەم وڵاتانەدا] زۆر لە لێکچوونیەوە دوورە. ئەگەرچی ئاراستەی سەرەکیی لە دانمارك، نەرویژ و سوێد هەمان شتە، ئەوا پرۆسەکانی بەپیشەسازیکردن و بەدیموکراتیکردن لە کاتگەلی جودا و بە خێرایی جودا ڕوو دەدەن. دەکرێت بگوترێت کە ئەم جیاوازیانە لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکارییدا ڕەنگ دەدەنەوە. لێکجوداوازیەکان لە ژینگەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا دەبنە مایەی نەریتی جودای پارتایەتی، کە لە ڕێکخستن، ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی پارتە سۆسیالدیموکراتەکاندا دەبینرێت.
ئایا جیاوازیە هەرە گرینگەکان لە گەشەی ئابووریی ئەم سێ وڵاتەدا کامانەن؟ با لە هەندێك خشتەی ئاماریی پرووانین کە سەبارەت بە شارنشینکردن(urbanization)، بە دابەشبوونی هێزی کار بەسەر بەشی جودا و لەسەر بەرزبوونەوەی داهاتە - ئەوە سێ پێوەرن کە عادەتەن پێویستن کاتێك بخوازرێت بە شێوەیەکی گشتیی باس لە پرۆسەی بەپیشەسازیکردن بکردرێت.
لەوێدا دەبینین کە دانمارك زۆر پێش وڵاتەکانی دەراوسێی گەیشتووەتە تا ڕادەیەك پلەیەکی بڵند لە شارنشینکردن. هەر ساڵی ١٨٠٠ زیاتر لە ٢٠٪ (بیست لە سەددی) دانیشتووانی دانمارك لە شارەکاندا ژیاون – ئەمە ئاستێکە کە نەرویژ و سوێد توانیان تەنها لە ساڵانی ١٨٨٠ – ١٨٩٠ ـەکاندا بیگەنێ. لە هەموو ئەو سەردەمەدا دانمارك لەم بوارەدا هەر بە سەرکاروانیی ماوەتەوە. نەرویژ پاش کۆتایی ئەو سەدەیە دووچاری دابەزان دەبێت، و سوێد – کە لە خوارترین پلەوە دەست پێ دەکات – لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە پێشکەوتنەکەی نەرویژ دەگاتەوە. ژمارەکان دەریدەخەن کە دانمارك هەر لە زووەوە گەشەی بە کولتورێکی شار داوە نێزیکەی لە شێوەیەکی ئورووپیدا، هاوکات کە نەرویژ و سوێد تا دەمێکی درێژ خەسڵەتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای جووتیاریان هەر تیادا مایەوە. بەڵام ئەوەش هەروەها بە ڕوونیی دیارە کە بە مۆدێرنکردن لە سوێددا زۆر بە خێرایی چووەتە پێش، پاش ئەوەی کە لە دوای کۆتایی سەدەدا بە جیددیەوە دەستی پێکراوە.

[1] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. S. 23

خشتەی (II: 1) بە شارنشینکردن: ڕێژەی سەددی هەموو دانیشتووان کە لە شاردا ژیاون ١٨٧٠-١٩٢٠

| **ساڵ** | **دانمارك** | **نەرویژ** | **سوید** |
|---|---|---|---|
| ١٨٧٠ | ٨،٢٤ | ٩،١٦ | ٠،١٣ |
| ١٨٨٠ | ١،٢٨ | ٠،٣٠ | ١،١٥ |
| ١٨٩٠ | ٧،٢٣ | ٣،٣٣ | ٨،١٨ |
| ١٩٠٠ | ٣،٣٨ | ٢،٢٨ | ٥،٢١ |
| ١٩١٠ | ٣،٤٠ | ٩،٢٨ | ٨،٢٤ |
| ١٩٢٠ | ٢،٤٣ | ٨،٢٩ | ٥،٢٩ |

سەرچاوە:
Stein Kulmle, Paterns of social and Political Mobilazation: a Historical Analysis of the Nordic Countries (1975), s 45

ئەم تێبینیانە بەهێزدەبن کاتێك دەڕوانینە ئاماری دابەشبوونی هێزی کار لە سەر سێ کەرتی کشتوکاڵ (بە کەرتی دارستان و ڕاوە ماسیەوە)، پیشەسازیی و خزمەتگوزارییەوە (بازرگانیی، بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتیی، پیشەی ئازاد و هتد).

خشتەی (II: 2) دابەشبوونی هێزی کار لەسەر کەرتەکان ١٨٧٠-١٩٢٠، بە ڕێژەی سەددی

| ساڵ | **کەرتی کشتوکاڵیی** دان. | نەر. | سوێد | **کەرتی پیشەسازیی** دان. | نەر. | سوێد | **کەرتی خزمەتگوزاریی** دان. | نەر. | سوێد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨٧٠ | ٥٤ | ٥٦ | ٦٩ | ٢٤ | ١٦ | ١٣ | ٢٢ | ٢٨ | ١٨ |
| ١٨٨٠ | ٥٢ | | ٦٥ | ٢٤ | | ١٥ | ٢٤ | | ٢٠ |
| ١٨٩٠ | ٤٧ | ٤٩ | ٦٢ | ٢٦ | ٢٢ | ١٩ | ٢٧ | ٢٩ | ١٩ |
| ١٩٠٠ | ٤٢ | ٤١ | ٥٤ | ٢٨ | ٢٦ | ٢٧ | ٣٠ | ٣٣ | ١٩ |
| ١٩١٠ | ٣٧ | ٣٩ | ٤٤ | ٢٨ | ٢٥ | ٢٩ | ٣٥ | ٣٦ | ٢٧ |
| ١٩٢٠ | ٣٢ | ٣٧ | ٣٧ | ٢٩ | ٢٦ | ٣٢ | ٣٩ | ٣٧ | ٣١ |

سەرچاوە:
William M Lafferty, Economic Development and the Response of Labour in Scandinaivia. A Multi-Level Analysis (1971), s 43

دانمارك هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی سەردەمەکەوە جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕێگای هەبوونی تا ڕادەیەك ڕێژەی نزم کە لە کارداهەبوونی ناو کەرتی کشتوکاڵدا هەیبووە و ڕێژەیەکی تەواو شایانباس گەورەتری کەرتی پیشەسازیی کە هەیبووە لە چاو ئەوەی کە لە وڵاتە دەراوسێکاندا هەبووە، هەتاوەکوو کۆتایی سەدە [١٩٠٠]. تەنانەت کەرتی خزمەتگوزارییش هەر هەمیشە بە گەورەیی ماوەتەوە، و دیاریشە کە بەشێکی هەرە سەرەکیی ئەو هێزی کارەی وەگەڕخستووە کە کەرتە کشتوکاڵیەکەی جێهێشتووە - ئەمە ڕێبازێکە کە نە لە نەرویژ و نە لە سوێددا نموونەی نییە. بە ڕوونیی دیارە کە دانمارك شایانباسانە زۆر لە پێش وڵاتە دەراوسێکانیەوە بە هێزگەلی بەپیشەسازیکردن و مۆدێرنەکردن گەیشت. لە نەرویژ گەیشتن بە پیشەسازیی تا ساڵانی ١٨٩٠ ـ ـەکانی خایاند، بەڵام پاشان ڕێژەی هێزی کاری ناو کەرتی پیشەسازیی دێتەخوار – ئاوا هەروەکوو دانمارك. کەرتی خزمەتگوزاریی لە نەرویژ زۆر بەرچاوانە گەورە بووە: هەتا ساڵانی ١٩١٠ ـ ـەکان لە ئی وڵاتە دەراوسێیەکان گەورەترە، و نێزیکەی بە قەدەر کەرتی پیشەسازیی خەڵکی لە کەرتی کشتوکاڵییەوە بۆ لای خۆی بردووە. ئەمە عادەتەن وا ڕوون دەکرێتەوە کە بازرگانیی و هاتووچوونی ئاویی هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی قایمییان لە کەرتی خزمەتگوزاریی نەروێژدا هەبووە. لەو ڕووەوە وا دەردەکەوێت کە نەرویژ وڵاتێکە کە لە سوێد کەمتر خەسڵەتی کۆمەڵگای جووتیاریی هەڵگرتبوو.

هەرە گۆرانکاریی کۆمەڵایەتیی دراماتیك لە سوێددا بووە. کەرتی کشتوکاڵیی لە سەرەتادا لە پلەیەکی شایانباسدا لە ئی نەرویژ و دانمارك گەورەترە و تەنها لە ساڵی ١٩٢٠ دەگاتە هەمان ئاستی نەرویژ. بەڵام خێراتر هاتووەتەخوار، و کۆچبارکردنی هێزی کار بە زۆریی لە کەرتی پیشەسازییدا ڕوو دەدات. ئەم کەرتە هەتا ساڵی ١٨٩٠ لە ئی وڵاتانی دەراوسێ بچووکترە، بەڵام پاشان فراوانبوونێکی یەکجار گەورەی پیشەسازیی ڕوو دەدات، کە ماوەیەکی کەم پاش کۆتایی سەدە سوید دەگەیەنێتە ئاستی ئەوانی دیکە. دەستپێکی پیشەسازیی ساڵانی ١٨٩٠ ـ ـەکان لە

دەساڵیی پاش خۆیدا بەرفراوانیەکی تەواو دیار لە کەرتی خزمەتگوزارییدا بە خۆیەوە دەبینێت: ئەمە خەسلەتێکی "مۆدێرنی" نموونەییە. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە سوێد لە ناو ئەو دوو دەیەی پاش کۆتایی سەدەدا لە دوو هەنگاوی گەورەدا لە کۆمەڵگایەکەوە کە تەواو خەسڵەتی کشتوکاڵیی هەڵگرتبوو لە ناو سێ وڵاتەکەدا کە ببێت بە وڵاتێکی پیشەسازیی سەرکاروان.
هەمان وێنە لەو خشتەیەی خوارەوەدا سەبارەت بە پێشکەوتنی ئابووریی دەردەکەوێت، پێوراو بە پێی زیادبوونی داهات بۆ هەر تاکە سەرەهاووڵاتیەك لە خاڵی دەستپێکردنی ساڵی ١٨٧٠ وە. زیادبوونی داهات لە سوێددا زیاترین بووە، و هەرە خێراترین زیادبوونەکە لەو دوو دەیەی پاش سەدەدا ڕووی داوە. لەوە دەچێت نەرویژ نزمترین ڕادەی زیادبوونی داهاتی هەبووبێت و دانمارکیش هاوئاست.
ئەوە چییە کە بووەتە هۆی جیاوازیی گەشە ئابووریەکان لەو وڵاتە سکاندیناڤیانەدا بێگومان لێرەدا ناکرێت لێی بتوێژرێتەوە. بەڵام دەکرێت هەندێك ئاماژە بە ڕووخساری ئابووری ئەو وڵاتانە بکردرێت، کە بە ڕوونیی خۆیان لە نێو ئەو ساڵانەی وەرچەرخانەکانی نێوان ١٨٧٠-١٩٢٠ دا دەردەخەن، و کە لەوە دەچێت کاری کردبێتە سەر شێوەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاریی. [لێرەدا ئێمە] قورسایی سەرەکیی دەخەینە سەر بارودۆخەکانی پیشەسازیی.

خشتەی (II: 3) داهات – بە پێی سەرەهاووڵاتیی ١٨٧٠-١٩١٠. نرخی نەگۆڕ

| ساڵ | دانمارك | نەرویژ | سوێد |
|---|---|---|---|
| ١٨٧٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ١٨٨٠ | ١٠٧ | ١١٤ | ١١٠ |
| ١٨٩٠ | ١٢٧ | ١١٣ | ١٢٨ |
| ١٩٠٠ | ١٤٨ | ١٢٦ | ١٣٧ |
| ١٩١٠ | ١٦٢ | ١٢٩ | ١٥٠ |
| ١٩٢٠ | ٢١٤ | ١٦١ | ٢٣١ |

سەرچاوە:
Lennart Jörberg, The Industrial Revolution in Scandinaivia 1850-1914 (1970), s 18

دانمارك هەروەکوو وڵاتێکی کشتوکاڵیی مایەوە، لەو مانایەدا کە کشتوکاڵ جێگایەکی باڵزاڵی لە ناو ئابوورییدا گرت ئەویش بە هۆی بارودۆخی لەباری سرووشتیی و بەرهەمهێنانێکی بڵندەوە. خەڵکانێکی ژمارە کەم زیاتریان وەبەرهەم دەهێنا وەك لەوەی کە لە وڵاتە دەراوسێکاندا وەبەرهەم دەهێنرا. کشتوکاڵ ڕۆڵێکی بڕیاردەرانەی دەبینی هەم بۆ ناردنەدەرێ و هەم بۆ ئەو پرۆسە بە پیشەسازیکردنەی کە زوو دەستی پێکرد. دەوڵەتمەندیی دانمارك لە پلەیەکی باڵادا پێوەست بوو بەو بەرهەمەکشتوکاڵییە فرە کاریگەرەوە کە هەیبوو. نەبوونی کەرەستەی سرووشتیی و سەرچاوەی وزەی ناوخۆیی بۆ وەبەرهەمهێنانی پیشەسازیی وای کرد کە کەرتی پیشەسازیی زۆر توند وابەستەی کەرەستەی خاوی هاوردە بێت، کە بە پارەی بەرهەمی کشتوکاڵیی ناردنەدەرەوە دەکڕدرا. ئەمە، هاوکات لەگەڵ جەختی پیشەسازییدا بۆ وەبەرهەمهێنانی بەرهەم بۆ بازاڕی ناوخۆ، هەر لە سەرەتای سەدەوە بووە مایەی گیروگرفت بۆ بالانسی پارەدان [پێوەندی داهات و تێچوون/ قەرزی دەرەکیی وڵاتێك]. ناچاریی بوو کە سەرمایەگوزاریە پیشەسازییەکان تا ڕادەیەکی باڵا بە پارەیەك بدرێت کە لە دەرەوە وام دەکرا. وابەستەیەکیی زەخمئاوەر بەرانبەر وڵاتانی دیکە هەر لەو کاتەوە مۆرکی ئابووریی دانمارك بووە - فرەتر لەو ئاستەی کە نەرویژ یان سوێد هەیبووە.
خەسڵەتێکی بەرچاوی پیشەسازیی دانمارکیی پێش هەر شتێك ئاراستەی جەختکردنێتی لەسەر بازاڕیی ناوخۆیی و وەبەرهەمهێنانی کەلوپەلی بەکارهێنان (مەسرەفکردن) بۆ ناوخۆ. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە پیشەسازیی لە ناو هەموو ئەو سەردەمەدا – و تەنانەت زۆر پاش ئەویش – جۆرێك لە خەسڵەتی شیرکەتگەلی بچکۆلە بەخۆوە بگرێت. بەتایبەتی لە بەراوورد لەگەڵ سوێددا نەبوونی شیرکەتگەلی گەورە لە دانمارك تەواو لەبەرچاوە. پێوەست بوون بە نەریتگەلی وابەستەبوون بە کۆڕی پیشەیی و کاری دەستیی سەردەمی کۆن لە زیاتر وڵاتانی دەراوسێ بە بەهێزی مایەوە. هەتا درەنگانێکی وەکوو ساڵی ١٩١٤ ـ ـەش هێشتا هەر ژمارەیەکی زیاتر کرێکار لە کاری دەستییدا خەریك بوون وەك لە پیشەسازییدا. خەسڵەتێکی دیکەی پیشەسازیی دانمارکیی جەختکردنی بووە لەسەر کۆبەندگرتنی لە شارەکاندا، بەتایبەتی لە کۆپنهاگن.
لە نەرویژ خودی کشتوکاڵ ڕۆڵێکی کەم بایەخی لە گەشەی پیشەسازییدا هەبوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ماسیگرتن مانایەکی گرینگیی هەم بۆ داهاتی ناردنەدەرەوە و هەم بۆ کارهەبوون هەبوو. تێکەڵاویەك لە وردەکشتوکاڵ، دارستانکاریی و ماسیگرتن لە بەشی گەورەی وڵاتدا سەرچاوەی سەرەکیی کارهەبوون بوون. بەڵام هێزی وەگەڕخستنی سەرەکیی ئابووریی هاتنوچوونی دەریایی

بوو، کە هەر لە سەرەتای سەردەمەکەوە گەیشتە ئاستێکی بڵند. هاتنوچوونی دەریایی، ماسیگرتن و پیشەسازیی دارستان بوون بە بناخەی ناردنەدەر، و هەر هاتنوچوونی دەریایی بە تەنیا خۆی دەگەیشتە نێزیکەی ٤٠٪ (چل لە سەددا) لە داهاتەکانی ناردنەدەر.
هەروەکوو دانمارك، لە نەروێژیش بەپیشەسازیکردن لە سەرەتای ساڵانی ١٨٧٠ ـ کاندا دەستی پێکرد. بەڵام جیاواز لە دانمارك پرۆسەکەی ئەم نایەکسان بوو و هەروەهاش لە هەندێك بەرهەمی کەمدا خولاسە دەبووەوە، لە سەرەتادا بە پلەی یەکەم کەرەستەی تەختە و کاخەز و ئاسن و پۆڵا بوو.
یەکەم شەپۆلی گەورەی پیشەسازیی لە ساڵی ١٨٩٠ دا هات، بەڵام هێشتا پیشەسازیی گەورە نەبوو، ئەوەش بە پلەی یەکەم لەبەر نەبوونی سەرمایە بوو. یەکەم جار پاش کۆتایی سەدە بوو کە کۆمەڵێك دامەزراوەی پیشەسازیی گەورە دامەزرا، و ئەوەش پێوەندیدار بوو بە دۆزینەوەی تەکنیکیەوە کە بەکارهێنانێکی چالاکانەی سەرچاوە وزەییە ئاویەکانی شیاو کرد. دامەزراندنی گەورە بەستراو بە سەرچاوە وزەییەکانی پیشەسازیی هایدرۆئەلەکتریکی و کیمیایی (ساڵپێترە/ کالیۆمنیترات، ئەلەمینیۆم و هتد) گرینگترین ڕووداو بوون لە پرۆسەی بە پیشەسازیکردندا لە نەروێژ. بەڵام ئەم کارە تا ساڵانێك هیچ مانایەکی بۆ کارهەبوون نەبوو. ئەو پیشەسازیە نوێیە سەرمایەگیر بوو – و بەو شێوەیە تەواو وابەستەی سەرمایەگوزاریی دەرەکیی بوو بەر لەوەی دەوڵەت بێت و کۆمەك بکات – بەڵام ئەوەش هێزێکی کاری زۆری نەدەویست. زیادبوونی گەورەی سەرمایەگوزاریی لە نێوان سالانی ١٩٠٥ – ١٩١٥ دا نەبووە هۆی زیادەبوونی هێزی کار لە کەرتی پیشەسازییدا.
سەبارەت بە ڕۆڵی کشتوکاڵ لە باری ئابووریدا ئەوا سوێد کەوتە ناوەڕاستگیرییەوە لە نێوان نەروێژ و دانمارکدا. لەلایەکەوە لە باشووری سوێد بارودۆخی سرووشتیی هەبوو بۆ بەرهەمی زۆر – تەنانەت بۆ ناردنەدەرەوەش – لە دانەوێڵە و ڕۆنی کەرە. لەلایەکی دیکەوە کشتوکاڵ لە بەشێکی گەورەی وڵاتدا، هەروەکوو نەروێژ، بریتی بوو لە کۆمەڵێك یەکەی بچووك بە توانایەکی کەمی بەرهەمهێنانەوە. ئا لێرەدا سپێرێکی (ڕیسێرڤێکی) گەورەی هێزی کار بۆ ئەو کەرتە پیشەسازیە هەبوو کە پەرەی دەستاند. هەروەکوو لە خشتەی (II: 2) دیارە ئەوا کەرتی خزمەتگوزاریی لە ناو هەموو ماوەکەدا لە چاو وڵاتانی دەراوسێدا شایانباسانە کەمتر بوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پاش کۆتایی سەدە زۆر بە خێرایی گەشەی کرد.
هەرە لووتکەیرینیی گەورەی پیشەسازیی لە سوێددا، هەروەکوو لەوەبەر باسمان کرد، لە ساڵی ١٨٩٠ دا ڕووی دا. پێش ئەم دوو شەپۆلی بچووکتری پیشەسازیی لە ساڵانی ١٨٥٠ کان و ١٨٧٠ کاندا هاتبوون. کەرەستە خاوە سەرەکییەکان، بە پلەی یەك دار و بەردەئاسن، هەر زوو بوون بە بناخەی پیشەسازی گەورەی ناردنەدەرەوە. بڵاوبوونەوە و بەرفراوانبوونی ئامرازەکانی پێوەندیی، بەتایبەتی تۆڕی هێڵی ئاسنی دەوڵەتیی لە ساڵانی ١٨٧٠ کاندا، هەروەها ڕۆڵێکی گرینگی لە پێشخستنی پیشەسازیی گەورەدا بینی. فاکتەرێکی گرینگی دیکە کۆمەڵێك داهێنانی سەرکەوتوو بوون، کە بوون بە مایەی بەرفراوانبوونی پیشەسازیی گەورە بە خێراییش؛ فاکتەری تەکنیکی لەوە دەچێت لە سوێددا ڕۆڵێکی گەورەتری بینیبێت وەك لە وڵاتانی دەراوسێدا. لە سوێد توانراوە تا ڕادەیەك خۆیبەسترێتەوە بە نەریتێکی کۆن لە توانای تەکنیکیی ئی سەردەمی زۆر لەوەبەری بەکارهێنانی ئاسن و پیشەسازیی دەرهێنانی کان. یەکێك لە مایەی ئەم هۆیە ئەوەبوو کە پیشەسازیی بە پلەیەکی باڵاتر وەك لە ئی وڵاتانی دەراوسێ توانی لە شارۆچکەکانی دەرەوەی شارەکانیش پێش بکەوێت. هاوشێوەبوونی ژینگەی کاری پیشەسازیی لەو شوێنانەدا کە بە کان و بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون شتێکی تایبەتیە بە سوێد، دروست هەروەکوو جەختی پیشەسازیی لەسەر بەرهەمهێنانی یەکەی گەورە کە تایبەتی بوو بە سوێد. ئا لێرەدا هەر زوو ئەو کاتە بناخەیەك بۆ بزووتنەوەیەکی کرێکاریی بەهێز ڕەخسێندرا.
سەرئەنجامئامێز دەتوانرێت بگوترێت کە هێزی وەگەڕهێن لە گەشەی ئابووریدا لە دانمارك کشتوکاڵ بوو، لە نەروێژ هاتنوچوونی ئاویی و تا ڕادەیەکیش ڕاوەماسی – و پاشانیش لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا ئەو پیشەسازییەی کە بە وزەی ئاو دەگەڕا، و لە سوێدیش ئەو پیشەسازییە گەورەیەی کە ڕوو بە دەرەوە بوو. وا دەردەکەوێت ئەم فاکتەرانەی خوارەوە شایانی باس بوو بن بۆ شێوەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاریی: لە دانمارك ئەو پرۆسە فرە زووە بەڵام کاوەخۆرەویەی بەپیشەسازیکردن، کە خەسڵەتی بەرهەمهێنانی بچووکی پیشەسازیی هەڵگرتبوو بۆ ساخکردنەوە لە ناوخۆی وڵات، لە نەروێژ بەرفراوانکردنی ئەو پیشەسازیە کیمیایی و هایدرۆئەلەتریکە بوو کە درەنگ پەیدابوو بەڵام خێرا گەشەی کرد، و کە بە زۆریی ئاراستەی ناردنەدەرەوەی هەبوو، لە سوێدیش ئەو لووتکەیرییە گەورە پیشەسازییەی ساڵانی ١٨٩٠ کان بوو، کە بووە هۆی دروستبوونی شیرکەتی گەورەی فرەنەتەوەیی ناردنەدەرەوە و جەختێکی گەورەی ژینگەی پیشەسازیی کە پشتی بە پیشەسازیی کۆن بۆ بەکاربردەیی قایم بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشینە ئابووریە وا پێدەچێت کە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاریی لە دانمارك لەو ناوەدا کۆنترین بێت، [بەڵام] لە هەموویان کاوەخۆرۆتر و لە

هەمووش نەرمتر، هاوکات کە بزووتنەوەی کرێکاریی لە نەروێژ و سوێد درەنگتر کەوتە خۆی، خێراتر پەرەی ستاند و ڕەنگێکی ڕادیکالتری لێنیشت. هەروەکوو لە یەکێك لە کۆپلەکانی داهاتوودا دەیبینین ئەم پێداگرتنە تا ڕادەیەکی باڵا دروست دەردەکەوێت – بەو ڕیزپەڕییە (ئیستیسنا) گرینگەوە کە پارتی کرێکاران Arbetarpartiet لە نەروێژ پرۆفیلێکی (ڕووخسارێکی) ئایدیۆلۆژی ڕادیکالی گرتە خۆی وەک لە پارتی کرێکارانی سوێد. هۆی ئەم بارودۆخە ناکرێت هەر بە تەنها لە فاکتەری ئابوورییدا بە دواییدا بگەڕدرێت. پێشکەوتنە سیاسیەکەیش هەروەها دەبێت بهێنرێتە ناو باس.

وەرگێرانی لە سوێدیەوە
ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/٨/١٣